


# زیانگەیاندن بەخۆ وەک هونەر

«شانۆی شەقام»

وەرگێرانی لە فارسییەوە: ڕەحمان عەزیزی

# زیانگەیاندن بەخۆ وەک هونەر

**بەیانی ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣**

**#پیۆتر پاڤلێنسکی؛ ئەو هونەرمەندە ئاڤانگاردە ڕووسییە بە ڕووتی چووە ناو گۆڕەپانی سووری مۆسکۆ و دوای ئەوەی مەودایەکی زۆر بە پێ ڕۆیشت، دواجار دانیشت و بە بزمارێکی درێژ کۆئەندامی زاوزێی خۆی بە زەوی شەقامەکە وە دوری. پاڤلێنسکی لە هەمان دۆخدا مایەوە تا پۆلیسی مۆسکۆ کۆئەندامی زاوزێی لە زەوی شەقامەکە هەڵکێشا و دەستگیریان کرد. دوای چەند ڕۆژێک ئەو کارەی بە مێتافۆرێک بۆ بێهەستی و نەخوێندەواری سیاسی وبیروباوەڕی خورافاتی کۆمەڵگای هاوچەرخی ڕووسیا ناوبرد. بە گوتەی پاڤلێنسکی، کۆمەڵگەی ڕووسیا بە  بێهەستییەوە، ڕێگەیان بە حکومەت داوە بە دەوڵەمەندکردنی ئامێری سەرکوتکردن، دزی لە گیرفانی خەڵک بکات و وڵات بکاتە زیندانێکی گەورە.**



**ئەزموونی شەخسیی ئێمە لە شەقام دا دەڵێت کە شوێنێکی چالاک و داهێنەر و یەکلاکەرەوەیە کە سێ فەزای کارلێککەر لەخۆدەگرێت .**

**فەزای باڵادەست کە سەرپەرشتی لایەنە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات دەکات؛**

**دروستکردنی فەزا، کە ئاماژەیە بۆ توانای بەرهەمهێنانی فەزای بەرخۆدان بەرامبەر بە فەزای دەسەڵات،**

**هەروەها ڕێکخستنی فەزا، کە ئاماژەیە بۆ ناوچە مامناوەند و میانڕەوەکانی نێوان فەزای دەسەڵات ، کە سوود لە هەردوو لایەنی دەسەڵاتدار و... شێوازەکانی بەرگری مامناوەند.**

**پێکهاتەی سەرەکی مانا و بەهای هەر شەقامێک، جوڵەی هەمیشەیی و بەردەوامی تێدایە. واتە شەقامێک بەبێ جوڵاندنی پێکهاتەکانی هیچ مانایەکی نییە.**

پێویستە هەمیشە لە خاڵێکی دیاریکراوەوە بچیتە ناو شەقامەکە و لە خاڵێکی دیاریکراوی ترەوە لێی دەربچیت. وەستان و بێ جووڵەکردنت لەسەر شەقام بە واتای مەترسی خستنە سەر پێکهاتە مانادار و بەهاکانی (ڕێکخستنی ڕەمزی). تەنانەت ئەگەر وا نیشان بدەیت کە لە شوێنێکی شەقامەکەدا وەستاویت و نیازی جوڵەت نییە، دوای ماوەیەک وەک کێشە سازێک دەردەکرێیت. (وە هەموو خاڵێکی شەقامەکە بە تەرکیزی خۆی دادەنرێت.(



حکومەتەکان بەرگەی پەککەوتن ناگرن. ئەوان پێیان خۆش نییە تۆ یەکێک لە سایتەکانی بەرهەمهێنانەوەی هێزەکانیان لێبدەیت بە بەکارهێنانی توانای خۆت بۆ دروستکردنی کەشێکی بەرگری. بۆیە داوات لێدەکەن کۆئەندامی زاوزێت لە زەوی شەقامەکە هەڵبگریت و کاتێک ڕەتدەکەیتەوە، خۆیان ئەو کارە دەکەن، هەرچەندە بە زۆریش.



بۆ پیۆتر پاڤلێنسکی کە جەستەی ڕووتی کارێکی هونەرییە، شەقام گەلەرییەکی گەورەیە. هەرچەندە تەنها بوونی جەستەی ڕووت لە شەقامدا ناتوانێت بیکاتە کارێکی هونەری. جەستەیەک تەنها کاتێک دەبێتە کارێکی هونەری لەسەر شەقام، کە بە تەواوی هۆشیارانە لەلایەن هونەرمەندەوە وەک میدیۆمێک بەکاربهێنرێت. جەستەیەک کە بە کەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی دیسیپلینی، لە کات و لە ڕێگەی فەزاوە بەکارهێنراوە و فێر کراوە و ڕاهێنراوە و دەستکاری کراوە، ناتوانرێت بە کارێکی هونەری لەسەر شەقام هەژمار بکرێت. بە شێوەیەکی ئاسایی ئەو جووڵە و ئاماژە و کردار/چالاکیانەی کە ڕۆژی کارکردن پێکدەهێنن پەیوەندییان بە

# زیانگەیاندن بەخۆ وەک هونەر

کاتێکی وردەوە هەیە کە هەوڵدەدات جەستەیەکی بەسوود، ڕامکراو، دیسپلینکراو، لە کاتی خۆیدا، بەرپرسیار، گوێڕایەڵ، بەتوانا، بەهێز، تەندروست لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسییەوە دروست بکات. خوێندەوار، ئارام، خواپەرست، بەرهەمدار و پاشەکەوتکەر.



بەڵام جەستەیەک کە بە مەبەست لەسەر شەقام بوەستێت و ئازاری پێ بگات، جەستەیەک کە لەسەر شەقام بوەستێت و تەقەی لێبکرێت، لێی بدرێت، چەقێنراوە، جەستەیەکی بەسوود لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە بۆ حکومەت، ڕامکراو، دیسپلیندار، کاتی خۆی، بەرپرسیار، گوێڕایەڵ ، بەهێز و بەهێز و تەندروست و خوێندەوار و ئارام و خواپەرست و بەرهەمدار و پاشەکەوتکەر نییە، بەڵام کارێکی هونەری شایستە و لە گەلەرییەکی گشتیدا نمایشکراوە.

